# بەئاگابە لەو گڵۆپانەی بەوزەیەکی کەم کارئەکەن

ئاژانسی ژینگەی جیهانی داوای کردووە زانیاری زیاتر کۆبکرێتەوە سەبارەت بە مەترسیەکانی ئەو گڵۆپانەی بەکارەبایەکی کەم کاردەکەن لەسەر تەندروستی مرۆڤ.

ئەو ئاژانسە ئەڵێ لەبەرئەوەی ئەو جۆرە گڵۆپانە برێکی کەم جیوەیان تێدایە پێویستمان بەزانیاری زیاترە لەسەریان و داواش ئەکا ئاگادارکردنەوەی پێویست لەسەر پاکەتی ئەو گڵۆپانە بنوسرێ و روون بکرێتەوە کە ئەو گڵۆپانە لەکاتی شکاندنیاندا مەترسیان لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە.

## مادده ژەهرەکان

د.دەیڤد سپۆرجن زانای بواری ژینگە ئەڵێ: لەبەرئەوەی ئەم جۆرە گڵۆپانە برێك جیوەیان تێدایە رەنگە کێشەی تەندروستییان لێبکەوێتەوە ئەگەر هەر ئاوا بیانشکێنیت و فڕێیان دەیتە ناو تەنەکەی خۆڵەوە. ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو جیوەیەی ناوی بچێتە ناو هەواوەو لەو رێیەوە بڵاوبێتەوە. ئەوەش مایەی نیگەرانییەکی زۆرە، لەبەرئەوەی وەك زانراوە جیوە ماددەیەکی ژەهراویە.

فەرمانگەی ژینگەی ئەمێریکا ئامۆژگاریی ئەوە ئەکا لەکاتی شکاندنی گڵۆپێکی لەو جۆرە لەناو ژورێکدا پێویستە لانی کەم ماوەی ١٥ دەقیقە ژورەکە لەهەوا پاکبکرێتەوەو نابێ گسکی کارەباش بەکاربهێنرێ بۆ کۆکردنەوەی پارچەکانی ئەو گڵۆپەو نابێ تەپو تۆزەکەش هەڵبمژرێ. پێویستە دەستکێشی لاستیك بەکاربهێنرێ و پارچەکانی ئەو گڵۆپە شکاوە بخرێتە ناو کیسەیەکی نایلۆنەوەو سەرەکەی بەباشی گرێ بدرێ و دوور بخرێتەوە.



گڵۆپە بەکارهاتووە ساغەکانیش پێویستە بگەڕێنرێنەوە بۆ ئەو دوکانەی کەلێت کڕیوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە هیچکام لەم ئامۆژگاریانە لەسەر پاکەتی ئەو جۆرە گڵۆپانە نەنوسراوە.

د.دەیڤد رای پسپۆڕی بواری ژەهرەکان لەزانکۆی نۆتینگهام ئەڵێ هەر گڵۆپێکی لەو جۆرە شەش بۆ هەشت میلیگرام ماددەی جیوەی تێدایە، کەبەبۆچونی ئەو برێکی زۆر کەمە. بەڵام ئاماژە بەوە ئەکا کەجیوە کاریگەریی لەسەر لەشی مرۆڤ و بەتایبەت مێشکی هەیەو ئەگەر لەجارێ زیاتر کۆبێتەوە مەترسی زیاتر دەبێ.

د.دەیڤید رای ئەڵێ: ئەگەر گڵۆپێك بشکێنی زۆر مەترسیدار نیە، بەڵام ئەگەر پێنج گڵۆپی لەو جۆرە لەناو ژورێکی داخراودا بشکێنی ئەوا لەماوەیەکی کەمدا ژیانت ئەکەوێتە مەترسیەوە.

ئەدریان هاردینگ لەئاژانسی نێودەوڵەتیی ژینگە ئەڵێ: پێویستە فرۆشیارانی ئەو جۆرە گڵۆپانەو حکومەتیش خەڵکی ئاگاربکەنەوە تابەشێوەیەکی ڕاست ئەو جۆرە گڵۆپانە بەکاربهێنن بەتایبەت ئەو دەمەی کەلەکارئەکەون و فڕێ دەدرێن.

لویس مۆڵی لە رێکخراوی گرین پیس



ئەڵێ: هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوە پێویستە بۆ ڕێنوێنیی خەڵکی بۆچۆنێتی لەناوبردنی ئەو گڵۆپانەی بەوزەیەکی کارەبای کەم کارئەکەن. بەلاَم لویس مۆلی ئاماژە بەوەش ئەدا کەلەبری ئەوەی خەڵکی نیگەرانی ئەو بڕە جیوەیە بن کەلەناو ئەو گڵۆپە بچوکانەدا هەیە، پێویستە خەڵکی دڵنیابکرێنەوە لەوەی بەکارهێنانی ئەو گڵۆپانە لەڕاستیدا بڕی ئەو جیوەیە کەم ئەکاتەوە کەلەئەتمۆسفیردا بلاَوە.

کۆمپانیاکانی ئەو جۆرە گڵۆپانەو حکومەتیش ئەڵێن مەترسیی پیسبوونی ژینگە بەجیوە لەڕێی ئەو گڵۆپانەوە لەو ئاستەدا نیە کەمایەی نیگەرانی بێ.

کێڤن ڤێردون لەکۆمەڵەی بەرهەمهێنەرانی گڵۆپ ئەڵێ: گڵۆپە فلۆریسێنتەکانیش، ئەوانەی کەلەناو گەراجو مەتبەخەکاندا بەکارئەهێنرێ بڕێك جیوەیان تێدایەو سالاَنێکی دورودرێژیشە بەکارئەهێنرێن‌و هیچ کەسێکیشی ژەهراوی نەکردووە، بەلاَم ئاماژەی بەوە کرد کەڕەنگە لەمەودوا ڕێنوێنیی تایبەت بەچۆنێتی لەناوبردنی گڵۆپە بەکارهاتووەکان لەسەر پاکەتی ئەو گڵۆپانە بنوسرێ.

لەبریتانیا دوکانەکان دەستیان کردووە بەپرۆسەی گۆڕینی گڵۆپی تەنگستینی تەقلیدی بەو گڵۆپانەی کەبەوزەی کارەبای کەم کارئەکەن‌و بەگوێرەی ئەو پلانەی کە حکومەت بۆ ئەو مەبەستە دایناوە تا ساڵی ٢٠١١ هەموو ئەو گڵۆپانە ئەگۆڕێن. حکومەت ئەڵێ ئەگەر ئەو گڵۆپانە بەکاربهێنرێ کە هاوڕێی ژینگەن، لانی کەم سالاَنە بڕی (٥) ملیۆن تۆن کەمتر سوتەمەنی بەکارئەهێنرێ‌و بڕێکی کەمتر گازی کاربۆن دایۆکسایدیش بەهەوا بلاَودەبێتەوە.